# گوتاری پیاوانی ئایینی تێکەڵەیەك لەجەهل و تەشهیر و تەکفیر



♦ سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی

بەشی هەشتەم

لەم بەشەدا، کە تەواوکەری باس وخواسی (کەسێتیە ئیسلامیەکان) ە، دەنگ وباسی کاروکردەوەی هەندێکی تر لە کەسێتیە ئیسلامیەکانی یەکەم دەخەینە پێش چاو.. ئەو کاتە مەلاکانی (یەکێتی زانایان) تێدەگەن کە نەك هەمو شتێکیان باس نەکردوە بۆ خەڵك بەڵکو خۆیشیان هەروەکو باقیی خەڵك هەمو شتێکیان بۆ باس نەکراوە.. هەروەها وەڵامی داکۆکیە بێمانا وبێکۆت ومەرجەکانیان لە هەندێك لەو کەسێتیانە، وەردەگرنەوە.

### عومەر وعەدالەتی عومەر

لە نوسینی پێشودا ئاماژەمان دابو بەوەی کە هەرچەند عومەر وەکو فەرمانڕەوایەکی ئیسلامی دادگەر بوە وکاری لەسەر دادپەروەری ویەکسانی کردوە لە نێوان موسوڵمانان (عەرەب) دا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وهەر بە هۆی ئەوەیشەوە ئامادە بوە لەپێناوی بەرژەوەندیی ئەو موسوڵمان (عەرەب) انەدا هەمو بەڵایەك بهێنێت بەسەر ناموسوڵمانانەدا. هەوڵی عومەر بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆرێتییەك وداگیرکردن وملکەچ کردنی وڵاتانی دەوروبەر (ئێران وشام ومیسر) بۆ قەڵەمڕەوی عەرەبی - ئیسلامی بەڵگەی ئاشکرای ئەو ڕاستیەیە ومێژویەکە کە تا ئێستاش شوێنەوار وکاریگەریی هەیە کە گەلانی ناوچەکە باجەکەی دەدەن. لە وەڵامدا مەلاکانی (یەکێتیی زانایان) دەکەونەوە دوپاتکردنەوەی دەنگ وباسی دادپەروەریی ئەفسوناویی عومەر، کە ئێمەش دەیسەلمێنین ئەم دادپەروەریە بەو شێوەیە نەبوە وعومەریش حسابی تایبەتیی بۆ هەندێك کەس وبنەماڵە کردوە ولە بەرامبەر بنەماڵەی ئەبو سوفیان وخودی موعاویە سازشی زۆری کردوە وڕەچاوی سەرمایەدارێکی قورەیشیی وەکو (موغیرەی کوڕی شوعبە) ی زۆر کردوە ودواتر دێینە سەر ئەم باسانەیش.. ئینجا دوای گۆرانی وتن بە باڵای دادپەروەریی ئەفسوناویی عومەردا دەڵێن "چۆن دەگونجێت کەسێتییەك لەگەڵ کەسانێکدا دادپەروەر بێت بەڵام لەگەڵ کەسانێکی تردا بەو شێوەیە نەبێت؟!".. مەلاکان لێرەدا پەنجەیان خستوەتە سەر لایەنێکی زۆر دزێو وترسناکی کەسێتیی (موسوڵمان)، دەبینیت موسوڵمانان لەنێو خۆیاندا ولەنێو گروپ ولایەن وحیزبەکانی خۆیاندا زۆر لەگەڵ یەکدا نەرمونیان ومیهرەبانن، بەڵام ئەوەی لە بازنەی ئیسلام وبیر وئاڕاستەی خۆیان بەدەر بێت بە پێچەوانەوە زۆر بە نایەکسانی وتوندی وبە ڕقەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، ئەگەر نەیشیکوژن.. ئەم ئیزدیواجییەت ودوفاقەییە زۆر سەیرە لە کەسێتیی موسوڵماندا. موسوڵمان (مەبەستم: موسوڵمانی نمونەیی) دەتوانێت لە هەندێك سات وچرکەدا فریشتەییانە مامەڵە بکات وفریشتەییانە دەربکەوێت، بەڵام لە هەندێك سات وچرکەی تردا جەللادانە مامەڵە دەکات وهەست ناکەیت بەزەییەك یان هەستێك لە دڵیدا هەبێت. هەر بۆیە دیکتاتۆرێکی موسوڵمانی خوێنڕێژی وەکو (حەجاج) ئەو هەمو خوێنەی دەڕشت، بەڵام کە دەچوە سەر مینبەری شاری بەصرە ئەوەندەیشی فرمێسك دەڕشت وخەڵکی بەصرەی دەهێنایە گریان.. قورئان بۆ خۆی لە چوارچێوەی ستایشکردنی کەسێتیی موسوڵماندا دان بە دوفاقەیی ئەو کەسێتیەدا دەنێت وئاماژە بۆ بان ودوهەوایی مامەڵەی موسوڵمان دەکات لەگەڵ خەڵکدا: کە دەڵێت موسوڵمانەکان لەگەڵ ناموسوڵماناندا توندن بەڵام لەنێو خۆیاندا بەسۆز ومیهرەبانن (أشدّاء علی الکفار رحماء بینهم) (الفتح: ٢٩). هەروەکو بنەمایەکی گرنگ لە بیروباوەڕی ئیسلامیدا ئەوەیە کە نابێت موسوڵمان لەگەڵ ناموسوڵماناندا دۆستایەتی ولایەنگری وهاوکاری وخۆشەویستیی هەبێت، بەڵکو دەبێت (لەبەر خوا!!) خۆشی نەوێن وشتێك نەکات لە بەرژەوەندیی ئەوان بێت وهاوکارییان نەکات، بەڵام لەگەڵ موسوڵماندا دەبێت بە هەمو شێوەیەك هاوکاری ولایەنگری بکات و (لەبەر خوا!!) خۆشی بوێت.. ئەمە پێی دەوترێت بنەمای (وەلاء) بۆ موسوڵمان و (بەڕاو) لە کافر. کە ئەم بنەمایە جگەلەوەی کاریگەریی زۆر نێگەتیڤی لەسەر پەیوەندیی دەرەکیی کۆمەڵگای ئیسلامی هەیە وکارێك دەکات کە دراوسێیەتیی موسوڵمان زۆر ناخۆش وسەخت بێت، بەڵام جگە لەوەش کاریگەریی لەسەر یاسای شارستانی وباری کەسێتییش لە ئیسلامدا هەیە، بۆ نمونە: دەڵێت موسوڵمان لەبەرامبەر خوێنی ناموسوڵمان ناکوژرێتەوە (لا یُقتل مسلم بکافر)! (ئەمە حەدیسێکە: بوخاری: ١١١، ٣٠٤٧، ٦٩٠٣، ٦٩١٥)، واتە - بەپێی بیروڕای زۆرینەی فەقیهە موسوڵمانەکان - ئەگەر موسوڵمانێك ناموسوڵمانێکی کوشت موسوڵمانەکە ناکوژرێتەوە (بەڵکو لەڕێگەی خوێنباییەوە چارە دەکرێت، بەڵام خوێنباییەکەیشی هەر ناگاتە خوێنبایی موسوڵمان!).

ئینجا مەلاکان دەیانەوێت بەڵگەیەك بهێننەوە لەسەر ئەوەی کە عومەر لەگەڵ ناموسوڵمانیشدا دادپەروەر بوە، بۆیە چیرۆکێك دەگێڕنەوە کە - بۆ شاردنەوەی دەنگ وباسەکانی تر - ئەوەندەیان گێڕاوەتەوە کە هەمویان لەبەریانە، بەبێ ئەوەی کەسیان لێی بکۆڵنەوە وبزانن ڕاستە یان نا. چیرۆکەکە ئەوەیە کە دەڵێت کابرایەکی میسری (مەلاکان نوسیویانە: قیبتی) پێشبڕکێی ئەسپسواریی کردوە لەگەڵ کوڕی (عەمری کوڕی عاص) دا کە والیی میسر بوە لە سەردەمی عومەردا، وپێشی داوەتەوە، کوڕەکەی عەمریش ئەوەی پێ ناخۆش بوە وبە قامچی لێی داوە ووتویەتی (بیگرە لە کوڕی خانەدانەکانەوە) یان (من کوڕی خانەدانەکانم)، ئیتر کابرا هاتوە بۆ شکات بۆلای عومەر لە مەدینە، ئیتر عومەر عەمر وکوڕەکەی بانگ دەکات بۆ مەدینە، وئاماژە دەدات بە میسریەکە تۆڵەی خۆی بکاتەوە وبە قامچی لە پشتی کوڕەکەی عەمر بدات، ئینجا (ئیتر لێرەوە مەلاکان باسیان نەکردوە) دواتر عومەر بە میسریەکە دەڵێت "هەر بەو قامچیە لە سەری ﴿بەپێی هەندێك سەرچاوە: پەراسوی﴾ عەمریش بدە" (گوایە بەو پێیە کە کوڕەکەی عەمر بە پشتئەستوری بە باوکی ئەو کارەی کردوە)، بەڵام میسریەکە ئامادە نابێت ئەوە بکات ودەڵێت "هەقی من لای کوڕەکەیەتی کە ئەو هەقەم وەرگرتەوە"، ئینجا عومەر دەڵێت: ( لە کەیەوە خەڵکتان کردوە بە کۆیلە لە کاتێکدا بە ئازادی لە دایك بون؟!)، وعەمریش دەڵێت " من نەمزانیوە ونەهاتوە بۆلای من". ئەم چیرۆکە کە مەلاکان نەیانتوانیوە وەکو خۆیشی بیگێڕنەوە (چونکە نەگەڕاونەتەوە بۆ هیچ سەرچاوەیەك ولە خۆیانەوە دایانڕشتوەتەوە)، لە ڕاستیدا - ئەگەر دڵەکەیان نایەشێت - هەڵبەستراوە وئەسڵی نیە، وئەمەش درێژەی ئەو باسەیە: هەمو ئەوانەی کە گێڕاویانەتەوە (وەکو "ابن الجوزي" لە "تاریخ عمر بن الخطاب" دا و"المتقي الهندي" لە "کنز العمال" دا و"الکاندهلوي" لە "حیاة الصحابة" دا و"الإبشیهي" لە "المستطرف" وکەسانی تر، دواتریش هەندێك نوسەری هاوچەرخی ناپسپۆڕی وەکو عەققاد لە "عبقریه عمر" دا وسەیید قوطب لە "في ظلال القرآن" دا)، بنچینە وسەرچاوەکەیان هەر گێڕانەوەکەی (ابن عبد الحکم) ە، ئەمەش حاڵی گێڕانەوەکەی ناوبراوە: ئیبن عەبدولحەکەم (٢٥٧ ك.) لە کتێبی (فتوح مصر) دا دەگێڕێتەوە ودەڵێت: (حُدّثنا عن أبي عَبْدة، عن ثابت البناني، وحمید، عن أنس، قال: أتی رجل..) ئیتر چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە (ابن عبد الحکم، فتوح مصر وأخبارها. دار الفکر. ص. ٢٩٠. هەروەها: ابن عبد الحکم، فتوح مصر والمغرب. تحقیق: عبد المنعم عامر. الأمل للطباعة والنشر، القاهرة. جـ. ١، ص. ٢٢٥، ٢٢٦. تێبینی: ئەم دو سەرچاوەیە هەر یەك سەرچاوەن بە دو ناونیشان وچاپی جیاواز. هەروەها بڕوانە: ). هەر لە سەرەتاوە ئیبن عەبدولحەکەم دەڵێت "لە ئەبو عەبدەوە بۆمان باس کراوە" (حُدّثنا عن أبي عَبْدة)! ئیتر ناڵێت کێ بۆی گێڕاوەتەوە ( بەڵکو ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە هەر نازانێت یان بیری نەماوە کێ بۆی گێڕاوەتەوە)، ئەمە کە دەچێتە خانەی (پچڕان) (انقطاع) ـەوە کە هۆکاری لاوازی (ضعف) ی گێڕانەوەکەیە، گێڕانەوەی پچڕاو (منقطع) یش جۆرێکە لە جۆرەکانی حەدیسی لاواز (ضعیف). ئینجا سەنەدەکە هەر لە خۆیدا لاوازە، چونکە (ئەبو عەبدە) بە لاواز دانراوە لە گێڕانەوەدا، هەرچەند (یەحیای کوڕی مەعین) و (ئیبن حیببان) بە متمانەدار (ثقة) یان داناوە، بەڵام ئەوانی تر بە لاوازی دادەنێن: ئیمام ئەحمەد دەربارەی وتویەتی " کۆمەڵێك حەدیسی نەناسراوی لە حومەید ولە پابیتەوە گێڕاوەتەوە"، کە لەم گێڕانەوەیەی ئێرەشدا ئەبو عەبدە هەر لە (ثابیت) و (حومەید) ەوە دەیگێڕێتەوە! هەروەها (ئەبو حاتیم) وتویەتی: "بەهێز نیە، لاوازە" (شیخ لیس بالقوي ضعیف)، هەروەها (عوقەیلی) وتویەتی: "شتی نەناسراو وپەسەندنەکراوی هەیە" (لە مناکیر) (بۆ نمونە بڕوانە: العسقلاني، تهذیب التهذیب. دار الفکر، ط١، ١٩٨٤. جـ. ١١، ص. ٣٦٦). ئینجا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تەرجەمەی ژیانی هەردو (حومەید) و (ثابیت) وبگەڕێین بۆ ناوی قوتابی وڕاویەکانیان نابینین ناوی (ئەبو عەبدە) یان تێدا بێت: لە کۆی (١٠٤) کەس کە لە (ثابیت) ـەوە فەرمودەیان بیستوە وگێڕاوەتەوە - بەپێی کتێبی (تهذیب الکمال) - ناوی (ئەبو عەبدە) ی تێدا نیە! (بڕوانە: المزي، تهذیب الکمال. تحقیق : د. بشار عواد معروف. مؤسسة الرسالة، بیروت، ط١، ١٩٨٠. جـ. ٤، ص‌ص. ٣٤٣ ــ ٣٤٦)، لە کۆی (٧٣) کەسیش کە لە (حومەید) ـەوە فەرمودەیان گێڕاوەتەوە بە هەمان شێوە ناوی (ئەبو عەبدە) ی تێدا نیە! (بڕوانە: المزي، تهذیب الکمال. جـ. ٧، ص‌ص. ٣٥٦ - ٣٥٨). ئیتر ئەو سەنەدە پولێکی قەڵب ناهێنێت!

وەکو وتیشمان هەمو ئەوانەی ئەم چیرۆکەیان گێڕاوەتەوە پشتیان بە ئیبن عەبدولحەکەم بەستوە ولە هیچ ڕێگەیەکی ترەوە نەهاتوە (کە ئەمەش بەڵگەیەکی سەربارە لەسەر ئەوەی کە دەنگ وباسەکە بنچینەی نیە). ئەوەش حاڵی گێڕانەوەکەی ئیبن عەبدولحەکەم بو کە باسمان کرد. ئینجا مەلاکان نوسیویانە کە ئەو کەسە قیبتی بوە، ئەمە کە هەر لە خۆیانەوە وایان نوسیوە، ئەگەرنا لە هەمو سەرچاوەکاندا (وەکو "فتوح مصر" و"کنز العمال" وئەوانی تر) نوسراوە (میسری) (مصری)، نەك (قیبتی)، کە دەبێت جیاوازی لەنێوان ئەو دو دەربڕینەدا بکرێت. بەڕونی دیارە کە چیرۆکەکە مەبەستی موسوڵمانێکی میسریە، جا ئیتر مەبەستی ئەوە بوە کە بە بنەڕەت میسریە وبوەتە موسوڵمان یان عەرەب بوە وکۆچی کردوە بۆ میسر؛ ئەوە ڕون نیە، هەرچەند بەپێی لێکدانەوەی زیاتر دەتوانین بڵێین مەبەستی ئەوە بوە کە موسوڵمانیش بوە وعەرەبیش بوە، چونکە لەو نوسینە عەرەبیانەدا دەربارەی ئەو سەردەمەی میسر کاتێك دەوترێت "میسری" مەبەست موسوڵمانێکی عەرەبە کە کۆچی کردوە ولە میسر نیشتەجێ بوە، وەکو ئەو "میسری" ـەی کە گوایە یەکەم جار هەڵی کوتاوەتە سەر عوسمان بۆ کوشتنی.. دەبێت ئەوەش بزانین کە نازناوی (مصری) لەو کاتانەدا ولە زمان وهزری عەرەبیی ئەو سەردەمەدا نازناوێکی ڕەگەزی وهەتاکو کولتورییش نەبوە، بەڵکو نازناوی نیشتەجێبون بوە، چونکە (مصري) واتە نیشتەجێی (مصر) کە خودی (القاهرة) دەگرێتەوە، کە مەعلومە لای خەڵکی شارەزا وشەی (القاهرة) لە بنەڕەتدا تەنها سیفەتی وشەی (مصر) بوە کە وتراوە (مِصْرُ القاهِرةُ) (جا مەلای داماو ئەم شتانە چۆن بزانێت؟!). ئیتر ئەگەر مەبەست ئەوە بوایە کە مەسیحی - قیبتی بوە؛ سەرچاوەکان بە (قیبتی) ناویان دەبرد، کە لە هیچ سەرچاوەیەکدا وا نەنوسراوە. بەڵام مەلاکان ناگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە، بەڵکو شتێکیان دەماودەم بیستوە یان لە نوسینی نوسەرێکی تازەپیاکەوتودا بینیویانە ئینجا ترش وخوێی دەکەن وبۆ خەڵکی باس دەکەن!

ئینجا سەبارەت بەو قسەیەش کە گوایە عومەر وتویەتی (مُذ کم تعبّدتم الناسَ وقد ولدتهم أمهاتهم أحرارا) واتە: (لە کەیەوە خەڵکتان کردوە بە کۆیلە لە کاتێکدا بە ئازادی لە دایك بون؟!)، ئەمەش هەر بەشێکە لە چیرۆکەکە ودیارە لەگەڵ چیرۆکەکەدا هەڵ بەسراوە، ئەگەرنا (بەکۆیلەکردنی خەڵکی ئازاد) ئەو واقیعەیە کە بەدرێژایی مێژوی ئیسلامی هەبوە، هەمو جەنگ وفتوحاتێکی ئیسلامی خەڵکانێکی ئازادی کردوە بە کۆیلە، بۆیە ناگونجێت عومەر قسەی وای کردبێت. ئەوەندەی منیش چێژی دەربڕینی عەرەبی بکەم پێم وا نیە مەبەستی ئەو قسەیە ئەوە بێت کە نابێت خەڵك بکرێنە کۆیلە، بەڵکو مەبەستەکە ئەوەیە کە کەسێك ئازاد بێت وکۆیلە نەبێت نابێت مامەڵەی کۆیلەی لەگەڵ بکرێت! واتە ئەم قسەیەش هەر دوپاتکردنەوەی چینایەتیی ئازاد وکۆیلەیە. من دڵنیام هیچ سەرکردەیەکی ئیسلامی ڕازی نەبوە کەسێکی کۆیلە یان کەسێکی ناموسوڵمان تۆڵەی خۆی وبەدەستی خۆی لە موسوڵمانێکی ئازاد بکاتەوە.

ئینجا دوای ئەمە دەکرێت ئاماژە بکەین بۆ هەندێك کاروکردەوەی عومەر، کە چۆن مامەڵەی تایبەتیی لەگەڵ هەندێك کەسدا کردوە:

١. (موغیرەی کوڕی شوعبە)، کە صەحابییش بو، پیاوێکی خانەدان وسەرمایەداری قورەیش بو، کە زۆر جار عومەر خاتری گرتوە وئاسانکاریی بۆ کردوە ومامەڵەی تایبەتیی لەگەڵ کردوە، وەکو لە باسی (عومەر وئەبو لوئلوئە) دا لە نوسینی پێشودا ئاماژەمان بۆ کرد.. ئەو ڕوداوەش مەشهورە کە کاتێك (موغیرە) ی ناوبراو لەگەڵ (ئوم جەمیل) ناوێکدا (زینا) یان کردبو (سەرچاوەکان دەڵێن ئەو ئوم جەمیلە دوای مردنی مێردەکەی دەچو بۆ لای ئەمیرەکان!)، کە چوار شاهیدیش (ئەبو بەکرە، نافیع، شیبلی کوڕی مەعبەد، زیاد) حازر بون، سێ کەسی یەکەم شایەتیی خۆیان دا لای عومەر، بەڵام چوارەم (زیاد) کە دەچێتە پێشەوە بۆ شایەتیدان، عومەر بەشێوەیەك تێی دەگەیەنێت کە نابێت شایەتی بدات (دەڵێن: پێی وتوە: "دەم وچاوی کەسێك دەبینم کە خوا بە هۆی ئەوە صەحابییەك شەرمەزار ناکات"!)، ئیتر زیاد دەترسێت وناوێرێت شایەتی بدات، تەنها دەڵێت: (شتێکی ناشیرینم بینی ﴿یان لەژێر لێفەدا بینیمن﴾ وگوێم لە ناڵە وئاخ وئۆفێکی بەرزەوە بو، ئیتر هیچی ترم نەبینی)، بەپێی هەندێك سەرچاوەیش وتویەتی: (پاشەڵێکم بینی دەجوڵا وهەناسە وئاخ وئۆفێکیشم بیست بەرز دەبوەوە، وقاچەکانیشی لەسەر شانی بون، ئیتر ئەوەی ترم نەزانی چی بو)، ئەمەش مانای وایە جوان نەیبینیوە وگومانی هەیە وشایەتیەکەی ناتەواوە ( شەل نیە وپای شکاوە!)، ئیتر عومەر زۆر خۆشحاڵ بو بە ڕزگاربونی موغیرە ووتی (الله أکبر)! ئیتر فەرمانی دا سێ شاهیدەکە داری حەددی (قەذف) یان لێ درا! لەوانە دوانیان (نافیع ونەفیع) تەوبەیان کرد واتە شایەتیەکەیان بەتاڵ کردەوە وخۆیان بەدرۆ خستەوە، بەڵام (ئەبو بەکرە) هەر سور بو لەسەر قسەی خۆی (دیارە بەجوانی بینیویەتی!)، بۆیە تا مرد شایەتیی لێ وەرنەگیرا، بەو پێیە کە (قەذف) ی کردوە! ئیتر موغیرە لە گوڵێ کاڵتری پێ نەوترا، بەڵکو وا دەردەکەوێت بۆ خۆی هەشتا داری حەددی (قەذف) ـەکەی لە شاهیدەکان داوە!

ئەمەش هەموی ساڵی (١٧ ك.) بو کە لەو کاتەدا موغیرە والیی بەسڕە بو وعومەر لەوێ دایانبو.

تەنها بۆ نمونە بڕوانە: الحاکم، المستدرك. جـ. ٣، ص. ٥٠٧. حەدیسی ژمارە ٥٨٩٢.

٢. عومەر لە بەرامبەری گەندەڵی وپارەخۆری وگەنجینەکەڵەکەکردنی بنەماڵەی ئەبو سوفیان (ئەبو سوفیان وموعاویە بەتایبەتی)، کەمتەرخەم بوە و (سەرفە نەزەر) ی لێ کردوە. جارێك ئەبو سوفیان لە سەردانی موعاویەی کوڕیەوە لە شام گەڕایەوە بۆ مەدینە دوای ئەوەی پارە وماڵ وسامانێکی لە ڕێگەی موعاویەوە پێ گەیشتبو، عومەر بە شێوازێك کەشفی کرد، بەڵام تەنها نیوەی ئەو پارەیەی لێ سەندەوە وچاوی لەوەی تر پۆشی! ئیتر نە ئەبو سوفیان توانی سکاڵا لە عومەر بکات، نە عومەر توانی لەوە زیاتر لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات. جارێکیش کە عومەر سەردانی شامی کرد وگەیشت بە موعاویە وبینی موعاویە بە دەستور وفەخفەخەی پاشا وئیمپراتۆرەکان خۆی دەردەخات وچەك وچۆڵ وقەرەوڵێکی زۆری لەدەورە، تەنها ئەوەندەی توانی پێی بڵێت (ئەمە بەزمی کیسرایەتە موعاویە؟!)، موعاویەش کە بەڵای سیاسەت ومیکیاڤیلیەت بو وتی: (ئێمە لەم وڵاتەدا لەبەرامبەر دوژمنداین وپێویستە بەم شێوەیە دەربکەوین وهەمیشە بە کەل وپەلی جیهادەوە خۆمان بنوێنین)! بێ گومان ئەو گەندەڵیە بوە بنەمای دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئومەویەکان کە دواتر زاڵ بون بەسەر فەرمانڕەوایی ئیسلامیدا. ئەو چاوپۆشین وبەڵکو ئەو هاندانە بۆ گەندەڵی بەرامبەر بنەماڵەی ئەبو سوفیان تەنها ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عومەر، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خودی پێغەمبەر، کە پێغەمبەر لە دەسکەوتی جەنگی (حونەین) ماڵ وسامانێکی زۆری دا بە ئەبو سوفیان وموعاویەی کوڕی وبە کۆمەڵێکی زۆر لە موهاجیرەکان (مەککەییەکان) و، بەڵام هەمو ئەنصار (مەدینەییەکان) ی لێ بێبەش کرد!

٣. ئەو باج وسەرانەیەی کە ڕژێمی عومەر لە گەلانی ناعەرەبی کۆ دەکردەوە هەموی دابەش دەکرد بەسەر عەرەبدا. بە شێوەیەك بۆ زۆربەی عەرەب موچەی بڕیبوەوە و، ئەو هەمو ئاڵتون وزێڕ وزیو وسامانەی کە بۆ دەهاتەوە دابەشی دەکرد بەسەر کەسێتیە ئیسلامیەکان وموسوڵمانەکانی مەدینە وشوێنەکانی تردا. بەم شێوەیە گەلانی ژێردەستە کشت وکاڵیان دەکرد وعارەقیان دەڕشت وعەرەب دەیخوارد. هەر بۆیە عومەر (دیوان) واتە تۆمارێکی گەورەی دانا بۆ ناوی ئەو عەرەبە موسوڵمانانەی کە موچەی بۆ بڕیبونەوە، کە بۆ هەندێکیان لەوانەی کەسێتیی ئیسلامی بون زیاتریان هەبو، بۆ نمونە: (٥) هەزار بۆ ئەوانەی کاتی خۆی لە جەنگی بەدردا بەشدار بون (بەدرانە!)، (١٢) هەزار بۆ ژنەکانی پێغەمبەر، وبەم شێوەیە (کە لەبەر نەبونی بوار ئاماژە بۆ هەمو ئەو بڕە پارانە ناکەین کە تەرخانی کردون بۆ کەسێتیە ئیسلامیەکان). وەکو چۆن ئێستەش دەبینین لە سەعودیە وکەنداو کەسێتیە عەرەبی - ئیسلامیەکان وسەرۆك خێڵەکان ومەلا وەهابیەکان لە سایەی ئیسلام وپێترۆڵەوە پارەی خەیاڵیان بۆ ڕژاوە.

بۆ درێژەی زیاتری کاروکردەوەی عومەر، وا باشە خوێنەر ئەم دو نوسینە بخوێنێتەوە تا ژیاننامەی ڕاستەقینەی عومەر وعەرەبچێتیی ئەوی بۆ ڕون ببێتەوە، کە هەردوکیان لە ئینتەرنێتدا دەست دەکەون، ئەمەش ناوەکانیانە:

١. د. أحمد صبحي منصور، المسکوت عنه من سیره عمر.
٢. مالك مسلماني، عمر بن الخطاب - السیرة المتواریة.

# بینین



♦ دڵسۆز حەمە

## یان سوڵتان و کیمیایی
## یان سەرشۆڕبە تاماویی

هەر دوای ٤٥ ڕۆژ لە دەرچونی بڕیاری لە سێدارەدانی سەدام حوسەین هەمو بینیمان کە چۆن نوری ئەلمالیکی لەبەردەم شاشەی تەلەفیزیۆنەکاندا بە شکۆی سەرکەوتنێکی مێژوییەوە ئیمزای لەسەر بڕیاری لەسێدارەدانی ئەو دیکتاتۆرە دڕندەیە کرد کە ترسناکترین پانتایی دڕندایەتی ئەو بەر ئینسانی کورد کەوت ،لە کاتێکدا سەرۆك تاڵەبانی بە هەق و ناهەق لەهەر بۆنەیەکدا دوپاتی ئەوەی دەکردەوە کە ئەو هەرگیز ئیمزا ناکات لەسەر بڕیاری لە سێدارەدانی ئەو دیکتاتۆرە ترسناکەی کە بونیادی سایکۆلۆژی وفیزیکی و ئینسانی و تەنانەت ئارکۆلۆژی کۆمەڵگای کوردی بۆ چەندان نەوەی داهاتو وێران وخاپور کرد ، کە لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا گەیشتە ئەوپەڕی دڕندەیی و وەحشیگەری ،گەر تاڵەبانی بەو تەسریحانە وێنەی مۆدێرنبون و هەڵوێستی ئایدۆلۆژی و ئینسانی خۆی لە هەمبەر سزای سێدارەدان بە دونیای دەرەوە نیشان دەدات ،ئەوا دەبو هەمانکات لە بیری بوا کە کەسانی وەکو سەدام حوسەین وپۆلپۆت و هیتلەر وپینۆشیە و ستالین ،لەو دیاردە مێژوییی وهەڵکەوتە ودەگمەنانەن کە ناکرێت لە دەرەوەی کۆنتێکستی گشتی مێژوییدا بیانخوێنینەوەو دایانبڕین لەو هەمو تاوان و مەینەتی و وێرانەکاریانەی بەرهەمەمیان هۆناوە ،جێگای سەرسوڕمان وپرسیارێکی زۆر گەورەیە کە چۆن سەرکردایەتی ئێمە لەهەمبەر،کێشەیەکی وەها یاسایی و مێژوویی وسیمبۆلیکی ولە ساتەوەختی وەرچەرخانی مێژویی وەهادا ،ئاوا هەڵسوکەوت بکەن و وەها بیر بکەنەوە ،مامەڵەکردن و موزایەدەی سیاسی بە خوێنی ژن ومنداڵی ئەنفالەوە ، ڕاگرتنی دڵی هەرکەسێك ولایەنێك لەسەر حیسابی دڵی هەپرون وویژدانی شەقار و کەرامەتی شکێنراوی میللەتێك لە شکستێکی سیاسی ولاوازی خیتابی سیاسی کوردی ولاوازی یادەوەری مێژویی وئینسانیمان بەولاوە چیتر نیە ،کە لەدواجاردا هەمو ئەو پێکهاتە لاوازانە دەبنە فاکتەری دۆڕان ولەدەستدان و پاشەکشەی سیاسی وەکو ئەمڕۆکە دەیبینین ،چرکە لەدوای چرکە ،خیتابی سیاسی کوردی بەرجەستە بو لە پێکهاتەیەکی پەرشوبڵاوی پڕ لە ململانێی وبێسەرەو بەرەیی و بێپلان وبێ ستراتیژ ،کە ئەگەر خاوەنی گەورەترین کێشەی ئینسانیش بین ،ئەوا لە بێخاوەنی ونەبونی خیتابی جددی وسیاسیدا حورمەتی شەهید وقوربانیەکانیشمان ناگیرێت ،عەرەبەکان هەڵەیەکی زۆر گەورە دەکەن ،کە هەمیشە کورد بە جولەکە وکوردستان بە ئیسرائیل بەراورد دەکەن ،بە ڕاستی غەدرێکی گەورە لە ئیسرائیل و حکومەتەکەی دەکەن ،ئەوان لەبەر ڕوفاتی دو سەربازی ئیسرائیلی جەنگێکی خوێناویان لەگەڵ لوبنان وعەرەب بەرپاکرد ،هەمو پارانەوەکانی دونیا وئەمەریکاشیان بهەند وەرنەگرت ،لە سەردەمی (حایم وایزمەن ) و (تیۆدۆر هرتزل)ەوە تا ئەمساتەوەختە ،ئەوان پارە وپول ودەسەڵاتی ماددی وبەشەری خۆیان خستۆتە پێناوی دەوڵەتی ئیسرائیل وڕاگرتنی ئەو دەوڵەتە ،لە کاتێکدا ئێمە تەواو پێچەوانەی ئەمە دەژین ، دەوڵەت و دەسەڵات و بەدەسکەوتنی هەر پێگەیەکی سیاسی و وەزیفی ڕاستەوخۆ مانای وەدەستخستن وکۆکردنەوەی پارە وپول وئیمتیازات بۆ خۆی ونزیکەکان ،بەمانای بەکارهۆنانی دەسەلات بۆ دەسخستنی پارەوپول ،لە فەرمانبەرێکی ئەوقافەوە دەیبینین هەتا پارلەمانتار ووەزیروگەورەکانی دی ،(ئیسرائیل) لەسەر ئاستی دەرەوە و دونیا بێبڕانەوە کار بۆ زیندوڕاگرتنی کارەساتەکانی (هۆلۆکۆست ) دەکەن ،ئەو یادەوەریە لای ئەوان هۆڵی سورە وبەزاندنی دەیان نوسەر وڕۆژنامەنوس وتەنانەت مامۆستای زانکۆ وخەڵکی ناوداری سیاسی وپۆستی گرنگی نێودەوڵەتیی توشی کێشەی گەورە کردوە ،هۆندەی مویەك نەرمی ولێبوردەیی وخەمساردی نانوێنن لەهەمبەر ئەو کارەساتەی کە وڵاتی خۆیان لەسەر بیناکرد ، ڕای ئێمە هەرچیەك بێت لەسەر هەڵسوکەوتەکانی ئیسرائیل ،دەمانخاتە بەردەم ئەو ڕاستیەی کە بەشێکی گەورەی هۆزو ووزەی کۆمەڵگایەك ئەگەر هەموی نەڵێین ،لە بەرزڕاگرتنی مەسەلەکەی وەڕوایی دان بە کێشەکەیدایە ،دانانی هۆڵی سور لە خیتابی سیاسیدا ،هەبونی متمانە وحورمەتە بۆ کەرامەت وژیان ومێژوی قوربانی ومەینەتیەکانی میللەتی خۆی نەك ،موزایەدەکردن پێیانەوە ،ئیسرائیل بەو فاکتەرانە توانیویەتی بینای دیموکراسی وخیتابێکی کۆمەڵایەتی وسیاسی هۆندە پەکپارچە بینا بکات کە دەرەقەتی ئەو هەمو دەوڵەتە عەرەبیە فسفسپاڵەوانانە دێت کە نەك هەر خیتابی یەکگرتویان نیە ،بەڵکو گەندەڵی دەسەڵات و قۆرغکردنی تەواوی دەسەڵات وپارەوپول وسامانی خەیاڵی لەدەستی کەمینەیەکی مشەخۆردا دەیان گرفتی گەورەی سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتی وفەرهەنگی بەرهەمهۆناوە کە هەژاریو توندڕەوی وئیسلامی سیاسی یەك لەوانە کە دەسەڵاتی ئێمە زیاتر لەم مۆدێلە دەچێت ،بەهەرحال ،ئەگەر(نوری ئەلمالیکی) بەپشتیوانی سەرەکی کورد گەشتە دەسەڵات ،ئەوا لەیەکەم هەنگاودا تۆڵەی مێژویی شیعەکانی لە سەدام حوسەین کردەوە ،لە هەمبەر تاوانی دوجەیل وکوشتنی ١٤٨قوربانیدا ،لەبەرچاوی هەمو دونیا ولەداوساتەکانی پڕۆسەی لەسێدارەداندا بینیمان کە چۆن بەڕاستەوخۆ تۆڵەی خۆیان کردەوە لەدەرەوەی بیناکەش تەرمەکەیان بە هوتافلێدان(منصورە یا شیعە حیدر ) ڕەوانەکرد ، کەیەك لەم پارێزەی داواکاری گشتی( منقذ ال فرعون )بو!! ،پڕۆسەی ئیعیدامکردنی سەدام هەر زو بەڕێوەچو تەنها ٤٥ڕۆژ دوای بڕیارەکە ، چونکە شیعەکان لەوە تێدەگەن کە ڕوداوەکان خێرا تێدەپەڕێت وعێراق لەبەردەم هەمو ئەگەر وپێشهات وگۆڕانێکدایە ،هێشتا دەستی وڵاتانی عەرەب نەگەشتبوە قوڵایی ژیانی سیاسی عێراق وەکو ئێستا ،لەدەستنەدانی فرسەتێکی مێژویی ویاسایی وسیمبۆلیکی لەوجۆرە لە ڕوی مەعنەویەوە بۆ هۆزە شیعەکان زۆرگرنگ بو، بەڵام هەر ئەو هۆزە لەمرۆداوشەخسی مالیکی خۆی ڕێگری دەخاتە بەردەم بەجێگەیاندنی حوکمی تاوانبارانی ئەنفالەوە ،کە قورسایی ئینسانی وپانتایی تراژیدی هیچ ڕوداوێك لەو ڕوداوانەی تاوانبارانی پێ دادگایی کرا ناگاتە قوڵایی برین وخوێنی ئەنفالەکان ،مالکی پەکخستنی مادەی( ١٤٠ )وە دەستی پێکرد ،تا ڕەدونانی پێشمەرگە لەناوچە دابڕاوەکان کە زیاتر نامەی چاوشکانی پێشمەرگە وگرتنی نەبزی خۆڕاگری حکومەتی هەرێم بو ،تا هەڕەشەی کەمکردنەوەی بودجەی هەرێم وکێشەی یاسای نەوت وغاز ، خیتابی ئاشکرای ئەو بچوککردنەوە و شکانی وێنەی حکومەتی هەرێم وهێنانەوەیەتی بۆژێر ڕکێفی دەوڵەتی سەنتەر،عێراقی عەرەبی ، ،کە لەدواجاردا بە ڕاگرتن ودەستێوەردانی گرنگترین دادگایی میژویی لە مێژوی هاوچەرخدا کۆتایی هات،ڕاگرتنی لە سێدارەدان وبەسزاگەیاندنی سوڵتان هاشم کە هەمو بینیمان چۆن بە شانازیەوە داکۆکی دەکرد لە کوشتن وزیندەبەچاڵکردن وڕەزیلکردنی سەدان هەزار ژن ومنداڵ وپیاوی بێتاوان لە دڕندەترین ونامرۆڤانەترین وخوێناویترین پرۆسەدا ،بینیمان کە چۆن نکوڵی نەدەکرد لە چاوشکێن وبێنرخکردنی ژیان وخاکی ئینسانی کورد ،تاوانەکان بە جۆرێك ساغبونەتەوە ٦جار حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا دراوە ، نامەکەی مالیکی و خیتابی عروبەو قۆرغی دەسەڵات و ڕازیکردنی دڵی سونەو بەعسیەکان ئەو نامە ئاشکرایەیە کە مالیکی بەناو خوێن و فرمێسك و دوکەڵی سوتانی هەزاران منداڵی ئەنفالدا ڕەوانەی دەکات و، کەرامەتی ئێمە دەخاتە ژێر پێیان ، بەڵام ئایا پرسیارەکە لەسەرکردایەتی کورد ئەمەیە ،کە هەمیشە بە (ئیسرائیل)مان دەشوبهێنن ، لەئاستی ئەکگرتویی و ئاگایی ویەکخیتابی ئێوەدا مالکی دەیتوانی هۆندە پێ ڕاکێشێت تا ڕادەی موزایەدەکردن بەکەرامەتی نەتەوەییمانەوە؟؟،یان ئێوە دادگایی ئەنفال وکێشەی ئەنفال بە مەسەلەیەکی نەتەوەیی تەماشا ناکەن ؟؟،دوساڵە ئەوجانەوەرانە حوکمدراون بۆچی جێبەجێ نەبوە ؟؟ڕاگرتنی سزاکانی ئەوانە ئەگەر سەرەتایەك بێت بۆ ڕزگارکردنیان لە پەتی سێدارە مانای ئابڕوچونێکی مێژویی بۆ سەرکردەکانمان لەپێشەوە ئینجا ئینسانی کورد بەدوایدا ، هەرلێپرسراوێك بەتەنگ ئابڕوی خۆیەوە دێت دەبێت هەڵوێست لە بەزاندنی ئەو هۆڵە سورە وەربگرێت .